# لەوەڵام بە قسەکانی مەلا بەختیاردا

## گفتوگۆی رادیۆی هاوپشتی لەگەڵ تاهیر حەسەن

**مەلا بەختیار لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ "رادیۆی لاوان"ی شاری یۆتۆبۆری سویدو لە وەڵامی پرسیاری گوێگرێکی رادیۆکەدا سەبارەت بە هەڵوێستی ئەو بەرامبەر پەلاماری چەکداری 2000/7/14ی یەکێتی نیشتمانی لەشاری سلێمانی بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، بە قەولی تاهیر حەسەن بەزمانی شەقاوەیەك وتی: "حزبی کۆمۆنیست 15 چەکداربوون، مەفرەزەیەکمان نارده سەریان عاقڵیان کردن."**

**رادیۆی هاوپشتی کە ئەویش لەشاری یۆتۆبۆری سوید پەخش دەبێت و لەلایەن ئارام علیەوە بەڕیوەئەبرێت رۆژی 2005/4/30 گفتوگۆیەکی لەگەڵ تاهیر حەسەن سەبارەت بە قسەکانی مەلابەختیارو راستییەکانی روداوی 7/14 سازدا.**

**ئەمەی لێرەدا دیخوێننەوە کورتەی ئەو گفتوگۆیەیە.**

**ئۆکتۆبەر**

**ڕادیۆی هاوپشتی: سەرەتای ئەم مانگە مەلابەختیار لە گفتوگۆیەکی ڕادیۆییدا لەگەڵ ڕادیۆی لاوان لەشاری یۆتۆبۆری سوید، لەوەڵامی پرسیاری گوێگرێکی ڕادیۆکەدا سەبارەت بە پەلاماری چەکداری یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیست لە 7/14 /2000دا چەندین مەسەلەی وروژاند. ئێمە هەوڵدەدەین لەمیانەی ئەم گفتوگۆیەدا خاڵ بە خاڵ بچینە سەریان. سەرەتا مەلا بەختیار ووتی حزبی کۆمۆنیست 15 چەکدار بوون مەفرەزەیەکی یەکێتیمان نارده سەریان ئاقڵمان کردن‌و کۆتاییان پێ هات. ئێوە لەم بارەیەوە دەڵێن چی؟**

تاهیر حەسەن: ئەم قسەیەی مەلابەختیار بەڕاستی قسە زۆر هەڵدەگرێ. سەرەتا دەتوانم هەر ئەوەندە بڵێم. بەڕاستی ئەمە قسەی شەقاوەیەکی ناسیونالیزمی کوردو بزووتنەوە عەشیرەتیەکەیەتی، نە سیاسەتەو نە هیچ شتێکی تر. ئەمە دروست وەك خولەچەخماخە وایە کە دەڵێ کەمال‌و مارفم نارده سەریان تا هەڕەشەیان لێ بکەن! ئەگەر مەلا بەختیار یەك زەڕرە جورئەتی هەیە با ئەو قسەیە لە میدیاو بلاّوکراوەکانی سویدەوە کە پێم وابێ خۆی سیتیزن شیپی ئەوێی هەیە بلاّو بکاتەوە! با توزێك شەهامەت لە خۆی نیشان بدات‌و لەبلاّوکراوەکانی ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسیونالّەوە کە دەڵێ یەکێتی نیشتمانی ئەندامە تیایدا بلاّوبکاتەوە. تا بزانێ ئەوانەی یەك زەڕرە لەگەڵ ئینسانیەتدا نزیکایەتیان هەیە چۆن وەلاّمی مەلابەختیارو حزبەکەی‌و ڕەئیسەکەی دەدەنەوە! ئەم قسەیەی مەلا بەختیار ئیعتیرافێکی گەورەیە بە ئەنجامدانی تاوانێکی گەورە کە ماوەیەکی دوورودرێژە پێچەوانەکەی بە خەڵکی دەڵێن، لەپای ئەم ئیعتیرافە ئاشکراو بێ پەردەو بێ هیچ فشارەدا مەلابەختیارو حزبەکەی‌و ڕەئیسەکەی لە دادگای نێودەوڵەتیدا دەخرێنە پشتی ئاسنی زیندانەوە.

ئەم جەنابانە خۆشیان نازانن دەڵێن چی ودوێنێ چیان ووتووە! ئێوە سەیر کەن. تاماوەی زیاتر لە ساڵێك دوای ڕووداوی 7/14 لێپرسراوانی دەزگای ئەمنی یەکێتی بە نۆرە، لیپرسراوی عیلاقاتی نیشتمانی یەکێتی، قەڵەمە شکاوەکانی کوردستانی نوێ، هەموویان بۆ شێواندنی ڕاستی ڕووداوەکە لە تەلەفزیۆن‌و ڕادیۆو بلاّوکراوەکانیانەوە بەردەوام پاساوی ئەو ڕووداوەیان بەوە دەهێنایەوە کە گوایە سەیارەیەکی حزبی کۆمۆنیست لە بازگەیەکی دەزگای ئەمنی یەکێتیدا ڕانەوەستاوەو تەقەیان لە بازگەکە کردووەو ئەوانیش بۆ دیفاع لە خۆیان تەقەیان لەسەیارەکەی حزب کردووە! کەچی ئەوەتا دوای 5 ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا مەلا بەختیار بەبێ هیچ فشارێك‌و بەدەمی خۆی ولەڕادیۆیەکی ئەوروپادا دەڵێ مەفرەزەیەکمان نارده سەریان! ئەمە چ تاوانێکی گەورەیە؟!

مەلابەختیار بۆ ئەوەی ڕاستیەکە نەڵێ کەوتە نێو بۆسەیەکی ترەوە. ئەو دەزانێ کە چەند مانگ بەر لە ڕووداوی 7/14، (نەزەر عەلی ئەکبەر) بەنوێنەرایەتی سەرکردایەتی یەکێتی‌و جەلال تالەبانی وبەمەبەستی بەقانوون قەدەغەکردنی هەڵسوڕانی ئاشکرای حزبی کۆمۆنیست‌و داخستنی بارەگای ڕادیۆو ڕابەری. لەدادگای سلێمانی دەعوانامەیەکی لەسەر حزبی ئێمە تۆمار کرد. لەو دەعوانامەیەدا کە ئێستا لەبەر درێژی بوار نیە بۆتان بخوێنمەوە، بەڕەش لەسەر سپی نووسراوە: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خەریکی کۆکردنەوەی ئیمزایە لە خەڵکی کوردستان بەمەبەستی جیاکردنەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەمەش دژی یەکپارچەیی خاکی عێراق‌و دەستووری عێراقیە، حزبی کۆمۆنیست دەستی کردووە بە بلاّوکردنەوەی بنەمای قانوونێك وەك بەدیلێك بۆ قانوونی ئەحوالی شەخسی عێراقی کە لەسەر بناغەی یەکسانی نێوان ژن‌و پیاو نووسراوە، ئەمەش دژی عورف وعادەتی کۆمەڵگای کوردستان‌و قانوونی ئەحوالی شەخسی ئێستای عێراقە کەلەسەر بناغەی شەریعەتی ئیسلام دامەزراوە. بۆیە ئەگەر هەڵسوڕانی ئەم حزبە قەدەغە نەکرێت ئەوا، ئەمنیەتی قەومی کۆمەڵگەی کوردستان لە خەتەردایە!!

وەختێك ئەم هەوڵە نەزۆکەی یەکێتی کەوتە بەردەم نارەزایەتی دەیان پارێزەری سلێمانی‌و سەدان ئینسانی مۆدێرن وپێشکەوتووخوازی دەرەوەو ناوخۆی کوردستان ودەیان ڕێکخراوەی جوراوجۆری جیهانی وسەرئەنجام ڕسواو ناکام مایەوە، ئینجا یەکێتی وەك پیشەی هەمیشەی کەوتە داڕشتنی کردەوەی سەربازی‌و ئەو کارەساتەیان خوڵقاند. من لە مەلا بەختیار دەپرسم ئایا بەڕاستی بە 15کەس وەك خۆت دەڵێ یەکپارچەیی‌و دەستوورو یاساو ئەمنیەتی قەومی کوردستان دەخرێتە خەتەر وەك نەزەر عەلی ئەکبەر دەڵێ. باشە خەڵکی باوەڕ بەکامتان بکەن؟! باشە ئەگەر فەرزمان وابێت تۆ ڕاست دەکەیت‌و ئێمە 15 کەس بووین، بۆچی هەر لایەنێك 15کەس بووو ڕەخنەی لەیەکێتی‌و سیاسەتەکانی گرت، مەفرەزەیەك شەقاوە دەکەنە سەریان‌و دەیان کوژن؟! یەعنی 15 کەس هەقی ڕادەربڕین وڕاستی ووتن‌و حزبایەتی وهەڵسوڕانی سیاسیان نیە؟!

ئەوسەدان چەکدارەی کە یەکێتی لە دەوری بارەگای ڕادیۆو بارەگای کۆمیتەی سلێمانی وبارەگای کۆمیتەی ڕابەری کۆی کردبوونەوەو لەنێو چەقی شاردا هاوڕیانی ئێمەیان قەتلّی عام کرد بەپێش چاوی خەڵکەوە بوون، بەری ڕۆژ چۆن بە بێژنگ دەگیرێ!

**ڕادیۆی هاوپشتی: ئێوە باس لەوە دەکەن کە یەکێتی نیشتمانی لەسەر داوای جمهوری ئیسلامی ئێران هێرشی کردۆتە سەر ئێوە، ئێوە بەڵگەتان لەم بارەیەوە چیە؟**

تاهیر حەسەن: هەرچەندە من پێم وایە دوژمنایەتی مێژوویی یەکێتی لەگەڵ ڕادیکالیزم وکۆمۆنیزمو ئازادیخوازی هیچ بەڵگەیەکی پێویست نیە. بەڵام من دوو بەڵگە باس دەکەم. کەمتر لە نیو سەعات بەر لە تەقەکردنو هێرشی یەکێتی بۆ سەر بارەگای کۆمیتەی ڕابەری ئێمە، ئێمە بەمەبەستی بەرگرتن بە هەڵگیرسانی شەڕ وەفدێکمان بە نوێنەرایەتی هاوڕێ ئەمجەد غەفوور پێك هێنا، کە پێك هاتبوو لە منو فواد سادقو ئەمجەد غەفوور، چووین بۆ ماڵی نەوشیروان موستەفا کە ڕاستەوخۆ دەرگای ماڵەکەیان بەرامبەر بارەگاکەی ئێمە بوو. لەوێ پرسیارمان لێکرد کە ئەم هەموو هێزو چەکدارە چیە کۆتان کردۆتەوەو نیازی چیتان هەیەو بۆچی وا دەکەن؟! لەسەرەتاوە ئەو ووتی ئێوە قانوونی حکومەتی هەرێم لەمەڕ کەمکردنەوەی دیاردەی چەنداری لەنێو شارەکاندا جێبەجێ ناکەن بەوەی هێزەکانتان بەرنە دەرەوەی شار. ئێمەش ووتمان شیعاری دوور خستنەوەی بنکەوبارەگای میلیشیای چەکداری ئەحزاب کە ئارامی وئازادی وژیانیان لە خەڵکی تێکداوە، ئێمە هێناومانەتە نێو خواستەکانی خەڵکەوە، ئێمە سەدان جار ولەدەیان بۆنەو نووسینو قسەوباسماندا باسمان کردووە. بۆیە بەتووندی پێشوازی دەکەین لە هەرجۆرە بڕیارێك کەلەو بارەیەوە بدرێت. بەڵام ئەگەر قەرار بێت دیاردەی چەکداری لەشاردا کەم بکرێتەوە ئەوە لە پێشدا یەخەی ئێوە دەگرێت ودەبێ لە خۆتانەوە دەست پێ بکەن، چونکە هیچ کۆڵانێك نیە بارەگای کۆمیتەی ئێوەی تێدا نەبێت، هەر کۆڵانێك ماڵی مەسئولێکی ئێوەی لێبێت ئەمسەرو ئەو سەری کۆڵانەکەتان گرتووەو ژیان بۆ خەڵکی ئەو گەڕەکە نەماوەتەوە. بۆیە ئەم قسەیە ناتوانێ کەس قانع بکات کە مەسەلەکە ئەوە بێت، با وەرەقەکانی دەستمان کەشف کەین، ئێوە بەڕاستی وبەبێ هیچ پێچ وپەنایەك چیتان لە ئێمە دەوێ. زۆر بەسەراحەت ووتی. کاکە گیان بوونی ئێوە ئێمەی خسۆتە ژێر فشارێکی زۆری ڕژێمی بەعسو جمهوری ئیسلامیەوە، ئێمەش شەڕی ئەوانەمان پێ ناکرێت بۆیە ئێوە نابێ لەم ناوچەیەدا بن!! بەهەر حاڵ ڕەنگە کەسێك بڵێ شکم لەم دیالۆگی نێو چوار دیوارە هەیە. بەڵام بەڵگەی دووەم هیچ گومانێك ناهێڵێتەوەو قسەکانی نەوشیروان بە تەواوی دەسەلمێنێ. تەنیا دوو ڕۆژ دوای ڕووداوی 7/14 ڕۆژنامەی(کەیهان) ی چاپی تاران، کە زمانحاڵی باڵی خامەنئیە، دای لە بنی هەمانەکەو پیرۆزبایی ودەستخۆشانەی جمهوری ئیسلامی لە زمانی (ڕەمەزان زادە)ی پارێزگاری سنەوە، کە بە (محمدی حاجی محمود)دا بۆ تاڵەبانی ناردبووی بلاَو کردەوە!!

**ڕادیۆی هاوپشتی: خاڵێکی تر لە قسەکانی مەلابەختیار ئەوەیە دەڵێ نابێ ئەم کێشەیە هەتا هەتایە هەر بمێنێتەوەو دەبێ چارەسەر بکرێ. بەڵام دەڵێ ئەوە ئێوەن کە نایەن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەنو نازانن ڕێگاکانی چارەسەر بدۆزنەوە؟**

تاهیر حەسەن: بەڕاستی ئەمەیان مەهزەلەیە. یەعنی ئەو لایەنەی لێی کوژراوەو لەشکرکێشی سەربازی کراوەتە سەری، ئەو لایەنەی ئازادیکەی بەچەكو کوشتار پێشێلکراوە، هێشتا دەبێ ئەو ڕێگاکانی چارەسەر بدۆزێتەوەو بێت چارەسەری بکات! بەڕاستی ئەوەی یەکێتی بەرامبەر حزبی کۆمۆنیست ئەنجامیدا لەئەرشیفی بەعسدا کەم پەیدا دەبێت. ڕژێمی بەعس دوای زیاتر لە 20 ساڵ دەسەلاَت وجێگا پێ قایمکردن وجەنگی یەك لە دوای یەك ئینجا تاوانەکانی گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لەسەرجادە جگەرگۆشەی خەڵك بەپێش چاوی دایکان وباوکانیانەوە گوولەباران بکات، بەڵام سەرئەنجام تەرمەکانی دەدایەوە بەکەسوکاریان. یەکێتی بە ڕۆژی ڕووناك وبەبەرچاوی خەڵکی شارەوە، ئاووکارەبای تەنانەت ماڵەکانی دەوروبەری بارەگاکانی بڕی، زیاتر لە 80 کە س لە دایکو ژنو منداڵی هاوڕێیانی ئێمەیان زیندانی کرد، پاشان بۆسەیان بۆسەیارەیەکی ئێمە داناو تەنانەت شێخ عەبدول کە بێ چەك بوو بە دیلی گوولە بارانیان کرد. هەر ئەو شەوەش بە پێش چاوی خەڵکی گردی سەیوانەوە خستیاننە ژێر گڵ ونەیانهێشت کەسوکارو هاوڕێکانیان دوا نیگایان بکەن! ڕۆژی دوای ئەویش وەفدی حزبیان دەست بەسەرکرد، کە بۆ چارەسەری کێشەکە چووبوون! تاوانی وەها جگە لە هێزە ڕەش وباندە مافیاو ئینسانکوژەکان لەئەرشیفی کێدا پەیدا دەبێت؟!هێشتاش مەلا بەختیار ڕووی ئەوەی هەیە ودەڵێ نازانن ڕێگاکانی چارەسەر بدۆزنەوە!!

کێشەی ئێمەو یەکێتی کێشەی دوو حزبی مجرد نیە، کێشەی جیاوازی ئیدیۆلۆژیکی نێوان ناسیونالیزمو کۆمۆنیزم نیە، بەڵکو کێشەیە لەسەر موقەدەرات وچارەنووسی کۆمەڵگا، کێشەیە لەسەر ئازادی سیاسیو ڕادەربڕین وخۆپیشاندان وحورمەتی ئینسان ومافەکانیان، کێشەیە لەسەر بردنی چارەنووسی کۆمەڵگە بۆ نێو زەلکاوی جەنگی قەومی ونادیاری چارەنووسی ملیۆنەها ئینسان، کێشەیە لەسەر جێگاو ڕێگای دین لە قانوون وخوێندن ونووسین وپەروەردو دادگاکاندا، کێشەیە لەسەر چارەنووسی سیاسی کوردستان، کێشەیە لەسەر لەئەسارەتا ڕاگرتنی نیوەی دانیشتوانی کۆمەڵگە کە ژنانن، کێشەیە لەسەر هەمان ئەوانەی کە بە دروست نەزەر عەلی ئەکبەر لە دەعوانامەکەیدا نووسیوویەتی، کێشەیە لەسەر هەمان ئەو مەسەلانەی کە جمهوری ئیسلامی دەستخۆشانەی بۆ تاڵەبانی نارد! بەکورتی کێشەیە لەسەر چارەنووسی خەڵكو کۆمەڵگە.

ئەوەی کە مەلابەختیار دەڵێ ڕێگاکانی نادۆزنەوە، مەبەستی ئەوەیە کە ئێمە بچین لە تەکیەو خانەقاکەی ئەواندا دابنیشین وتەعەهودیان پێ بدەین، کە ئیتر لەبەرامبەر ڕاووڕووت و کۆشکێکی شاهانە کە لەسەر پارووی دەمی خەڵك پێکیانەوە ناوە هیچ ناڵێین، لەسەر بردنی چارەنووسی کوردستان بۆسەر مێزەکەی سیستانی وئیسلامی سیاسی هیچ ناڵێین، لەسەر پێشێلکاری هەموو ڕۆژەیان لەبەرامبەر ئازادی ومافەکانی خەڵکدا بێدەنگ دەبین، لەسەر مەسەلەی دینو پلەدوویی ژنان و سەرکوتی ناڕەزایەتیەکانی خوێندکاران ومامۆستایانو کرێکاران بێدەنگی هەڵدەبژێرین. تەعەهود بدەین کە چیتر ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی سیاسەت و نەخشەکانیان بۆ خەڵکی ڕۆشن ناکەینەوەو لەئاست ڕاستیدا کوێر دەبین. بەهەر حاڵ بچین تەعەهود بدەین کە تایبەتمەندییەکانی ئێمە کە خەڵکی کوردستان حزب وڕابەرانی ئێمەی پێ دەناسنەوە لەخۆمان بکەینەوە!!

ئەوەندە دوور نیە، هەموو چەند هەفتەیەك بەر لە ئێستا بوو دەزگای ئەمنی یەکێتی سەروچاوی قوتابیانی ناڕازی زانکۆی سلێمانی وهەولێریان بە قۆناغە تفەنگ شکاندو تەقەیان لە خۆپیشاندانی خوێندکارانی بەشی ناوخۆیی کرد. تەقەکردن لە خوێندکاران، مامۆستایان، کرێکاران، تەقەکردنە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری. ئەوە یەکێتی نیشتمانیە دەبێ تەعەهود بدات بەخەڵك کە ئیتر دەست لە پێشێلکردنی ئازادی سیاسی وخوپیشاندان ومانگرتن وڕادەربڕین هەڵدەگرێت، زمانی چەك وتەقەو ملهوڕیو هەڕەشە وشەقاوەچێتی بۆ هەمیشە فڕێ ئەدات ووەکو هێزێکی شاری هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکدا بکات. ئەمە ئەو هەنگاوەیە کە یەکێتی مولزەمە بینێ.

**ڕادیۆی هاوپشتی: خاڵێکی تر کە مەلابەختیار باسیکرد ئەوە بوو، ووتی باشە ئەگەر لەکوردستان ئازادی نەبوو، خۆ لەناوەڕاست وخوارووی عێراق وا نیە، بۆچی لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەشداریتان نەکرد؟**

تاهیر حەسەن: ئەگەر لەسەرەتاوە میدیاکانی درۆهەڵبەستنی جیهانی وناوخۆیی بەتووندی بیرکردنەوەی خەڵکیان خستبووە ژێر کاریگەری خۆیانەوەو تاڕادەیەك خەڵکیان تووشی خۆشخەیاڵی کردبێ، دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێك بەسەر سیناریۆی هەڵبژاردنداو ئاکامێکی مەترسیدار کە لێی کەوتۆتەوە، سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی شیعەو توندبوونەوەی چەند ئەوەندە زیاتری ململانی وکێشمەکیشی قەومی دینی وتایەفەیی، ئێستا ئیتر حەقانیەتی سیاسەتی حزبی کۆمۆنیست لەمەڕ سیناریۆی هەڵبژاردن دەبێ بۆ هەموو کەس ئاشکرابووبێ. ئێمە ووتمان ئەو سیناریۆیەی ئەمریکا دەیەوێ لە ژێر ناوێ هەڵبژاردندا بیگێڕێ، بەپێی کۆنەپەرستانەترین پێوانەی هەڵبژاردن، هەڵبژاردن نیەو هیچ تایبەتمەندیەکی هەڵبژاردنی پێوە نیە. ئێمە ووتمان ئەمریکا لە دوای کردەوەیەکی ماڵوێرانکەری سەربازی، کە تیایدا تەواوی بنەما مەدەنیەکانی کۆمەڵگەی عێراقی داڕمان، وەلە ژێر فشاری ڕای گشتی جیهانی ونەیارانی زلهێزی ئەوروپا لەلایەكو ئەزمەیەك کە لەعێراقدا تێی کەوتووە لەلایەکی ترەوە، دەیەوێ سیناریۆیەك بەڕێوەبەرێ، تا بەدنیا بڵێ داگیرکاری عێراق تەواو بوو، پرۆسەی دیموکراسی دەستی پێکردو دەسەڵات دەگەڕێتەوە بۆ عێراقیەکان. بۆ ئەمەش بەر لە بەڕێوەبردنی سیناریۆکە عێراقیان دابەشکرد بەسەر تایەفەکان وقەومەکان ودینەکان وعەشیرەتەکاندا وبۆ هەر یەکێکیشیان کوێخایەکی دۆستی ئەمریکایان کردە نوێنەریان وکورسی لەرزۆکی دەسەڵاتیان بەسەردا دابەشکردن. بۆ ئەم کارەش پێویستیان بە پەنجە مۆری خەڵکی هەبوو، تا ڕووی ئەوەی هەبێت لە دنیادا جاڕی بۆ بدرێت. ئاخر کێ دیوویەتی بەر لەهەڵبژاردن نەتیجەی هەڵبژاردنەکە دیاری کرابێت؟! ئەم دەسەڵاتە بەزۆری ئەمریکا بەیەکەوە نراون وهیچ بەرنامەو سیاسەتێك پێکیەوە گرێ نەداون و خۆی بەرئەنجامی داگیرکاری ئەمریکایە نەك هاوسەنگی هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی واقعی کە لەکۆمەڵگەدا هەیان بێت. بۆیە لەرزۆكو ناپایەدارو هیچ کارەیەو درەنگ یان زوو لەگەڵ شلبوونەوەی دەسەڵاتی داگیرکاری ئەمریکادا بەیەکدا دەدەن و کۆمەڵگا غەرقی گۆماوی خوێنی جەنگی قەومی و دینی دەکەن.

یەکێتی و پارتی کە هەردووکیان دوو حزبی یەك بزووتنەوەن ناتوانن لەسەر یەکخستنی ئیدارەکانیان ڕێك بکەون، ئێستا دەسەڵاتێکی شیعەو سوونەو قەومی عەرەب و کورد چۆن دەکرێتە یەك کاسەی دەسەڵاتێکی مەحکەمەوە.

بەپێی نورمێك کە تا ئێستا لە دنیادا باوەو پەیڕەوی لێدەکرێت، خەڵکی کاتێك دەچن دەنگ دەدەن، دەنگ بەو نەخشەو پلاتفۆرمە سیاسیانە دەدەن کە بەر لە هەڵبژاردن ئاشنایەتیان لەگەڵیدا پەیداکردووە. کێ دەتوانێ بە من بڵێ بەرنامەکەی سیستانی وتاڵەبانی وبەرزانی وعەلاوی چی بوون؟!، یاوەر کێیەو لەکوێوە هات وچ کارەیە؟! هەر چەند مەترێك لەولای سندوقەکانی دەنگدانەوە لاشەی ئینسان بە سەیارەی مین چێنراو بەهەوادا دەچوو! کوا خەڵكو ئەحزابی سیاسی بوار ئەوەیان هەبوو قسە بکەن، خۆ نیشان بدەن.

ئێمە ووتمان هەڵبژاردن لەپەنای کاتیۆشای ئیسلامی سیاسی وتانکەکانی ئەمریکاو دەستوپێوەندی عەمامە بەسەریدا ناکرێ، ئەگەر قەراربێت کۆمەڵگای عێراق بخرێتەوە سەر پێی خۆی، ئەوا دەبێ بەر لەهەرشتێك هێزەکانی ئەمریکا بچنە دەرەوە، ناسنامەیەکی ئینسانی بدرێت بە کۆمەڵگای عێراق ودانیشتوانەکەی، پاشان مۆڵەتێکی شەش مانگی بۆ تەواوی خەڵکی عێراق وهێزە سیاسیەکان دیاری بکرێت تا سیاسەت وپلاتفۆرمی خۆیان بە خەڵکی بگەیەنن، بۆ ئەمەش کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەك یەك لە خزمەت هەمووواندا بێت، پاشان هەڵبژاردن بکرێت وحکومەتێکی هەڵبژێردراوی خەڵك دابمەزرێ. ئەوەی کە ڕوویدا ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر ئیرادەی خەڵکی عێراقدا بوو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆی، بۆیە بە شەهامەتەوە حزبی کۆمۆنیست نەك هەر بەشداری تێدا نەکرد، بەڵکو بەسازدانی ئاکسیۆنی سەراسەری لە دنیادا ڕسواو مەحکومی کرد.

**ڕادیۆی هاوپشتی: خاڵێکی تر کە مەلابەختیار باسی کرد ئەوەبوو ووتی بۆچی چەپی ئەوروپاو کرێکاران و ڕێکخراوەکانیان لەگەڵ ئێمەن و لەگەڵ ئێوە نین، ئێوە لەم بارەیەوە دەڵێن چی؟**

تاهیر حەسەن: بەر لەهەر شتێك دەبێ ئەوە ڕۆشنبکرێتەوە کەلەگەڵ ئێمە بوون ولەگەڵ ئەوان بوون، مانای چیە، مەبەست لە کێیە کە لەگەڵ ئەوانەو لەگەڵ ئێمە نیە؟! تەواوی دنیا ئەو ڕاستیە دەزانێ کە بەشەرییەتی موتەمەدینی دنیا لەگەڵ خەڵکی عێراق وکوردستان وخواستەکانی ئێمە بوو. ملیۆنەها ئینسان لەتەواوی پایتەختەکانی دنیا ڕژانە سەرجادەکان وهاواریان کرد: نابۆ ملهوڕی سەربازی ئەمریکا. نابۆ جەنگ لە دژی خەڵکی عێراق. نا بۆ وێرانکاری جەنگی ئەمریکا. ئەمە هێزێکی عەزیمە کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆ دەرکێشانی ژیانی ملیۆنەها ئینسان لە خەڵکی عێراق لە نێو گێژاوی سیناریۆی ڕەشی ئێستادا پشتی پێ بەستووە. مەلا بەختیار خۆی دەزانێ کە چۆن لەلایەن سەدان ئەدیب وشاعیر ورۆشنبیرانی کوردستانەوە، لەلایەن دەیان شەخسیاتی سیاسی چەپوپێشکەوتنخوازی دنیاو ڕێکخراوە چەپ وڕادیکاڵەکانەوە کەوتنە بەر ناڕەزایەتیەکی گەورە لە ئاکامی هێرشیاندا بۆ سەر ئێمە. ئەو دەزانێ چەندە نامەی ناڕەزایەتی توونـد گەیشتە سکرتاریەتەکەی تاڵەبانی. لەبەرامبەر قەتڵی نامووسی وکۆیلەتی ژناندا کە بە وەحشیانەترین شێوە لە 13 ساڵی دەسەڵاتدارەتی ئەواندا لە کوردستان بەڕێوە چوو، هەر ئەو ڕێکخراوە جیهانیانەبوون کە وەڵامی پشتیوانیان بەبانگەوازی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان وئێمە دایەوەو یەکێتی نیشتمانیان بە توندی خستە ژێر فشارەوە. هەر ئەو ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەر ناسیونالەی کە مەلابەختیار ئەندام بوونی یەکێتی تیایدا بە فەخر دەزانێ، چەندین ساڵ لەسەر قسەی ئێمەو فشاری ئێمە وەریان نەدەگرتن. ئەوانەی مەلا بەختیار دەڵێ لەگەڵ ئێمەن لەدژی پیلانی دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا لەدژی خەڵکی عێراق کە یەکێتی هەرچی لەدەستی هات بۆ ئەنجامدانی کردی، دەیان ئاکسیۆنی ناڕەزایەتیان لە دژی بەڕێوە برد. بەڵام مەسەلەکە پێچەوانەیە، ئەوانەی کەدۆستی یەکێتین ویەکێتی دۆستایەتیان دەکات، ئەو هێزو لایەن و دەوڵەتانەن کە ساڵانە ملیۆنەها ئینسان لە دژیان ئاکسیۆن بەڕیوە دەبەنو دومیە لەسەرکردەکانیان دروست دەکەن ولە نێو شەقامەکاندا ئاگری تێبەر دەدەن. ئێستاش بچن تەماشای پێشوازی ڕێکخراوە جیهانیەکان ویەکێتیە کرێکاریەکانی یابانو خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو بەریتانیاو سویسرا بکەن لە ڕابەرانی یەکێتی بێکارانی عێراق و ڕابەرانی ڕێکخراوی ئازادی ژنو ڕابەرانی سەندیکاو یەکێتیە کرێکاریەکانی عێراق. هەموو ئەمانە کە ئێمە هێشتا پێمان کەمەو بەسەرەتای کارمانی دەزانین نیشانەی ئاستێکی فراوانە لەپەیوەندیو هاوچارەنووسیەك کە حزبی کۆمۆنیست لەگەڵ بەشەرییەتی ئازادیخوازدا دایمەزراندووە.

**ڕادیۆی هاوپشتی: مەلابەختیار دەڵێ ئێوە لە هەموو کوردستاندا 10 کرێکارتان لەگەڵدا نیە، تۆ دەڵێی چی؟**

تاهیر حەسەن: ئەگەر وایە بۆچی هێرش دەکەنە سەرمان؟ بۆچی بە بلاَوبوونەوەی بلاَوکراوەکانی ئێمە نارِەحەتن؟ بۆچی دەیانوویست دەمی رِادیۆی ئێمە ببەستن؟ کێ باوەرِ بەوە دەکات حزبێکی سیاسی 10 کریکاری لەگەلّ نەبێتو کەس نەیەت بەلایدا بەلاّم لەلایەن دەولّەتێکی وەکو جمهوری ئیسلامی دەستخۆشانە بە سەرکوتگەرانیان بلّێ. ئەم قسەیە دەچێتە گیرفانی کێوە؟ گومانێك لەوەدا نیە دەسەلاّتی یەکێتی وپارتی بە درێژایی 14سالّ پارووی دەمی خەلّکیان بە بارمتە گرت، 14سالّ هیچ کەسێك لە کوردستان ئەگەر تەزکیەی حزبی ئەوانی نەبوبێت خۆی ومندالّەکانی مافی نان خواردنیان نەبوو، دوای چەندین جەولەی شەرِی ناوخۆ وکوشتوکوشتاری خەلّكو پێش لەشکری بۆ هێزی سەربازی دەولّەتەکانی ناوچەکەو هێنانیان بۆ نێو قولاّیی کوردستان، دوای 14 سالّ دزی ورِاوورووت وتالاّن وبرِۆیی داهات وسەروەت وسامانی کۆمەلّگە، دوای زینداںو کوشتوکوشتارو سەربرِینی ئازادی سیاسی ورادەربرِینو برەو دان بەئیسلامیزم وکۆنەپەرستی وقەتلّی ناموسی، سەرئەنجام بە هێنانی چەندین کارەساتی ئینسانی بەسەر کۆمەلّگەدا، خەلّکیان بە لوولەی چەك لە پەراوێزی کۆمەلّگەوە رِاگرت. ئەوان بە گرتنی پارووی دەمی خەلّكو هەرِەشەی برِینی بائیعی وموچەو لوولەی چەك خەلّکیان ناچار کردووە لەگەلّیان بن، ئەو هێزەی هەیانە بە هیچ شیوەیەك تەعبیر نیە لە نفوزی سیاسی وکۆمەلاّیەتی ئەوانو لەئالّوگۆرِێکدا وەك تۆز بەهەوادا دەچێت. ئەوان دەزانن ئەگەر خەلّك ئازاد بێت لە بیرکردنەوەدا، ئازادبێت لە هەلّبژاردن لە نێوان سیاسەتو پلاتفۆرمی ئەحزابی سیاسیدا، ئازاد بێت لە دەربرِینی لایەنگری بۆ حزبێکی موخالیفی ئەوانو خاترجەم بێت لەوەی کە بائیعیەکەی نابرِن، شەهیدانەکەی نابرِن، لەکارەکەی بێکاری ناکەن، لەگەلّ سووکایەتی وبێحورمەتی بەرەو رِوو نابن، خەلّکی دەچێتە کۆرِو کۆمەلّ وکۆبوونەوەی ئەو حزبەی کە تەعبیر لە خواستە ئینسانیەکانی دەکات، ئەوان دەزانن خەلّکی حزبی کۆمۆنیست هەلّدەبژێرێت. ئەوان دەزانن نفوزی سیاسیو کۆمەلاّیەتی کۆمۆنیزم لە کۆمەلّگەی مۆدێرن وشاری کوردستاندا چەندە بەهێزە، چەپلّەرِێزانی دەیان هەزار کەسیان بۆقسەی رِابەرانی ئەم حزبە بەچاوی خۆیان دیووە. نەزەر عەلی ئەکبەر لە دەعوانامەکەیدا هەر ئەمە دەلّێ، نەوشیروان موستەفا هەر ئەمەی ووتو دەستخۆشانەی جمهوری ئیسلامیش هەر بۆ ئەمە بوو.

**رِادیۆی هاوپشتی: مەسەلەیەکی تر کە مەلابەختیار ووروژاندی ئەوەبوو ووتی بیروباوەرِی ئێوە شەرِی ناوخۆ دروست دەکات، ئەو عەقلّیەتەی کە هیچ کەس بەهیچ نازانی، رِق لە نێو هێزە سیاسیەکاندا بلاّوئەکاتەوە، ئەگەر دەسەلاّتتان هەبێتو خەلّك وکرێکارانتان لەگەلّ بێت شەرِی ناوخۆ دروست دەکەن؟**

تاهیر حەسەن: بەرِاستی نازانم لەکوێوە وەلاّمی ئەم قسەیە بدەمەوە. کەسێك ئەم قسەیە بە رِووی ئێمەدا دەکات کە خۆیو حزبەکەی 5سالّ شەرِی ناوخۆیان لە کوردستانو لەنێو شاروشارۆچکەکان بەرِێوەبردووەو زیاتر لە 5000 لاوی کوردستانیان کردۆتە قوربانیو دەیان هەزاری تریشیان لە مالّو جێگای ژیانی خۆیان ئاوارەو دەربەدەر کردووە. کەسێك ئەم قسەیە دەکات کە خۆی فەرماندەی یەکێك لە میحوەرەکانی جەنگی ناوخۆ بووەو دەیان کەسی بێ چەك ودیلیان بە فیشەك ودارو بەرد لەگەلّ خاکدا یەکسان کردووە. ئەگەر جەنگەکانی سەردەمی شاخیان لە دژی یەکتری لەبەرچاو نەگرین، کوا جێگایەك لە کوردستان مابووەوە کە شوێنی گوولە ئارِپی جی ئەوانی پێوە نەبووبێت. باوەرِ بکەن ئەگەر بوونی هێزەکانی ئەمریکاو جەنگی ئەمریکا لە دژی خەلّکی عێراق نەبووایە، یەکێتی وپارتی تەنیا لەسەر تالاّنکردنی کەرکوکی قودس ودلّی کوردستان گۆماوی خوێنیان لەو شارەدا دەخولّقاند. ئێستاش دوای بەرِێوەبردنی گالّتەجارِی هەلّبژاردن وبە سەرەك کۆماربوونی تالّەبانی، نەك هەر کێشەی نێوانیان کەم نەبۆتەوە بەلّکو ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا نەبێت زەمینەی دووبارە بەیەکدادانیان لە هەموو کاتێك زیاترە. بەهەرحالّ ئەگەر کەسێك دەیەوێ بزانێ حزبەکەی مەلا بەختیار وبزووتنەوەکەی چ کاروکردەوەیەکیان ئەنجامداوە، بچێت لە زمانی خۆیانەوە بیبیستێ. بچێت یاداشتەکانی محمدی حاجی مەحمودو نەوشیروان مستەفاو مەلائەحمەدی بانی خێلاّنی بخوێنێتەوە.
بەهەرحالّ ئەگەر لەسەر ئێمە گومانێك هەبێت کە ئەگەر خەلّکمان لەگەلّ بێت شەرِی ناوخۆ دەکەین، لەسەر خۆیان ئەو گوومانەش نیە. سیاسەتەکانی حزبی کۆمۆنیست لەسەر شەرِی ناوخۆ، هەلوێستەکانمان، نەخشەکانمان هەموو ئەوانە شاهیدی پووچی قسەکەی مەلابەختیار دەدەن. ئێمە هەمیشە ووتوومانەو دەیلّێینەوە، هیچ کەس ولایەنێك لەژێر هیچ بەهانەو پاساوێکدا، ناسیونالیست بێت یان کۆمۆنیست، چەپ بێت یان رِاست، هەقی ئەوەی نیە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی سیاسی لەگەلّ لایەنی بەرامبەرەکەی دەست بۆچەك بەرێتو ئەمنیەتی ژیانی خەلّك بخاتە مەترسیەوە. بەداخەوە مەلا بەختیار خۆی یەکێك لە قوربانیانی سیاسەتی تەسفیەکردنی نێو سەرکردایەتی یەکێتیە. دەبوو بەر لەهەر کەسێك ئەو برِێك ئینسانی تر لەسەر رِووداوی 7/14 قسەی بکردایە. من لە مەلابەختیار دەپرسم بەرِاستی سەرکردایەتی ئەو کاتی یەکێتی هەقیان بوو تەنیا لەسەر بیرورِای جیاوازی ئەوکاتی خۆی وهاورِێکانی کە نازانم 15 کەس ئەبوون یان نا، ئەوبەلاّ نائینسانیەیان بەسەردا هێنا؟ ئەلفوبێ ی ئازادی ئەوەیە کە بتوانی قسەی موخالفی بەرامبەرەکەت تەحەمول بکەیت، ئەمە چ هونەرێکە تەنیا رِێگە بدەیت بەو قەلّەمانە بنوسن کە ستایشت دەکەن. ئەوە فەرهەنگی دیکتاتۆریەتی رِژێمێکی وەك بەعسە.

**رِادیۆی هاوپشتی: خالّێکی تر لە قسەکانی مەلابەختیار ئەوەبوو ووتی جگە لە ئێوە هیچ کەسێك نیە لە عێراقدا شانازی بە سەرەك کۆمار بوونی جەلال تالّەبانیەوە نەکات، قسەی ئێوە لەم بارەیەوە چیە؟**

تاهیر حەسەن: من باوەرِم وانیە تەنانەت جێگرەکانی تالّەبانیش بەسەرەك کۆماربوونی ئەویان پێ خۆش بێت، هەروەك چۆن لەوەش دلّنیام کە تالّەبانیو خودی مەلا بەختیاریش بە بوونی جەعفەری بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران خۆشحالّ نین. چونکە ئەم هێزانە هیچ شتێك بەیەکیەوە کۆی نەکردوونەتەوە جگە لە فشارو نەخشەی ئەمریکا. ئەم هێزانە هیچیان ئەوی تریانیان قبوولّ نیەو خوازیاری مەرگی یەکترن. هەر ئەمەیە کە وا دەکات دەسەلاّتیان لە بارەگاکانی خۆیان واوەتر نەرِواو هیچ کارە دەمێننەوە. بەپێی ئاماری خۆیان کەمتر لە 60٪ ی دەنگدەران لە هەلّبژاردندا بەشداریان کردووە، ئەو 40٪ ی دەمێنێتەوە بە هەرلێکدانەوەیەکەوە بێت بەهەرحالّ باوەرِیان بە هەلّبژاردن نەبووە، کەسانێکیش باوەرِیان بە هەلّبژاردنێك نەبێ بێشك باوەرِیشیان بە نەتیجەکەی نابێتو بۆیان مایەی گالّتەجارِیە. من نازانم مەلا بەختیار ئەم ئامارەی لە کوێوە گرتووە کە تەنیا حزبی کۆمۆنیست لە عێراقدا بە بوونی تالّەبانی بەسەرەك کۆماری عێراق خۆشحالّ نیە؟!
تا ئەو جێگایەی بە خەلّکی کوردستان دەگەرِێتەوە کە پێم وایە زۆرتر مەبەستی مەلابەختیار خەلّکی کوردستان بێت. من ئەوە دەسەلمێنم کە ناسیونالیزمی کورد لەسایەی سیاسەتی ئەمریکادا بەشێکی باشتری پێبرِاو هەنگاوێك چووەتە پێشەوە، وە بەهۆی جینۆسایدێکی گەورەی دژی ئینسانیەوە کە رِژێمی بەعس دەرهەق بە خەلّکی کوردستان ئەنجامی داوە، ناسیونالیزمی کورد توانی سواری شەپۆلی خواستی خەلّکی کوردستان ببێت وبیکاتە دەستمایەیەکی سیاسی بۆ خۆیو هەزاران کەس بهێنێتە بەردەم

سندوقەكانی دەنگدان وخۆی پێ بگەیەنێتە دەسەلاتێك كە هەرگیز بەخۆیەوە نەدیووە. بەلاَم ئەم دەسەلاَتە لەرزۆك وناپایەدار وكاتیەو هیچ زەمانەتێكی مانەوەی نیە. لەدەوری دەسەلاَتەكەی تالەبانی دەیان كەمینی چەكداری قەومی عەرەبیو جۆرەها ئیسلامی سیاسی دانیشتوون، كە تالەبانی دەزانێ وەختێك ناسیونالیزمی عەرەب هێزی بەبەردا بێتەوە دەستی هەتا كوێ درێژ دەبێت. بۆیە من دەزانم هێشتا دەنگی دەهۆلّ وزورناكانی شایی ولۆغانی خۆشخەیالاَن وون نابێت بەداخەوە دەبێت بە شین. پاشان بوونی تالەبانی بە سەرەك كۆمار چی لەمەسەلەی كورد وچارەسەری كێشەكەی دەگۆڕێ؟ بۆ خەلّكی كوردستان چ خێرێك دەداتەوە؟ تالەبانیو بەرزانی 14سالّ خۆیان ئاغاو كوێخای كوردستان بوون وهەرچی وەزارەتخانەكانە بە ئیمزای خۆیان لایان دەبرد ودایان دەناو هیچ شیعەو سوونەو ناسیونالیزمی عەرەبێك مونافسیان نەبوو، بۆ خەلّكی كوردستان بوون بە چ نان وئاوێك تا ئینسان بەوە خۆی سەرمەست بكات كە لەعێراقێكی دارِماوو ئالّوزكاودا سەرەك كۆمار بێت؟ تەنیا لەبەر ئەوەی كوردە؟! باشە خۆ(تەهامی دین) كە جێگری سەرەك كۆماری عێراق بوو لە حكومەتەكەی سەدامدا كورد بوو خەلّكی سلێمانی بوو، (ئومێد مەدحەت) وەزیری تەندروستی و(سامالّ مەجید فەرەج) وەزیری تەختیت هەردووك كورد بوون وخەلّكی سلێمانی بوون. (تەها یاسین ڕەمەزان) كورد بوو خەلّكی بادینان بوو، بوونی ئەمانە لە نێو ئەو حكومەتەدا بوو بە چ خێرو بێرێك بۆ خەلّكی كوردستان؟! ئەم هاتووهاوارانەی كە بە بوونی تالەبانی بەسەرەك كۆمار سازیان كرد، ناتوانێ بۆ ماوەیەكی كورتیش خەلّكی ڕابگرێت، سەرئەنجام كۆمەلّگەی عێراق وكوردستان كێشەی گەورەی سیاسی وحكومەتی هەیەو دەبێ وەلاَم وەربگرێتەوە. كێشە پایەیی وبونیادیەكانی كۆمەلّگە بە شایی ولۆغان وهاتوهاوار تەنانەت ناتوانێ بۆ كورت ماوەش دووربخرێتەوە.

**ڕادیۆی هاوپشتی: پرسیاری كۆتاییمان ئەوەیە، مەلا بەختیار ووتی (مەنسور حیكەمەت) مونەزری شەڕی ناوخۆی كوردستانی ئێرانە كە لە نێوان (كۆمەلّەو حزبی دیموكرات) بوو، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەلّێن؟**

تاهیر حەسەن: من زۆر ئیعجابم بەم لێپرسراوانەی بزووتنەوەی كوردایەتی وەك مەلابەختیار هەیە كە هەندێك ڕاستی هەیە بەمێژوو، بەئیمزا، لەسەر كاغەزو بلاَوكراوەكان بلاَوبۆتەوە، چەندین كتێب ویاداشت لەبارەیانەوە نووسراوەو هەموو كەسێك دەتوانێ دەستی پێیان ڕابگات، كەچی جورئەت دەكەن پێچەوانەی ئەو ڕاستیانە ڕوو بەو ئینسانە زیندووانە بلّێن كە خۆیان لەنێو دلّی ئەو ڕووداوانەدا بوون. ڕەنگە ئەمانە وابزانن خەلّكی خوێندەواری نیەو ئاگای لە هیچ شتێك نیە، تەنیا ئەوەندە دەزانێ كە ئەوان پێیان دەلّێن!!

ئەمە یەكەم جار نیە كە سەرێكی ناسیونالیزمی كورد بۆ پاساودانی كردەوەیەكی دژی ئینسانی خۆی وحزبەكەی پێی (مەنسور حیكەمەت) دوور لەمەسەلەكە دەهێنێتە ناوەوە. ئەمە لەدنیای سیاسەتدا هونەر نیە، بەلّكو پێی دەلّێن ڕاكردنی ناشیانە لەوەلاَمی پرسیارێكی تر. 14سالّ بەر لەئێستاو لەیەكەمین ڕۆژەكانی ڕاپەڕینی ئازاری 1991 دا كاتێك حزبەكانی بزووتنەوەی كوردایەتی هاتنەوە بۆ نێو شارەكان بە پێچەوانەی جارەكانی پێشوو، لەگەلّ دیاردەیەكی نوێ بەرەو ڕوو بوون كە پێشوتر نەیان دیبوو، ئەویش بزووتنەوەی شورایی بوو لە كوردستان، بالّێكی ڕادیكالّو چەپو پێشكەوتووخواز، كەلەسەر تەواوی مەیدانەكانی ژیانی خەلّك، مافەكانی خەلّك، شێوەی بەڕێوەبردنی كۆمەلّگا، مەسەلەی ژن، جیایی دین لە دەولّەت، ئازادی سیاسی، بەتەواوی قسەیەكی پێچەوانەی هەبوو. بەرەی ناسیونالیزمی كورد نەیتوانی ئەم دیاردەیەی هاتنە مەیدانی خەلّك تەحەمول بكات، یەكەمین كەس تالەبانی بوو كە هاواری لێهەستاو ووتی ئەمانە بەكرێگیراوی مەنسور حیكەمەتن، ئەوە یەكەمین جار بوو كە ناوی مەنسور حیكەمەت لە ئاستێكی فراوانی كۆمەلاَیەتیدا هاتە نێو هاوكێشە سیاسیەكانی كوردستانەوە. ئەم ئیتیهامەی مەلا بەختیار كۆنو سواوە.

بێگومان ئەو كەسانەی كە فەرماندەو دەستەندەركاری ئەوكاتی كۆمەلّە بوون باشتر لە ووردەكاری شێوەی بەرپابوونی شەڕی كۆمەلّە وحزبی دیموكرات دەزانن. دوای شۆڕشی سالّی 1979 ی ئێران دروست وەك كوردستانی عێراق، كاتێك حزبی دیموكرات هاتە نێو شارەكان لەگەلّ دیاردەیەكی تازە بەرەو ڕوو بوو كە ئەویش كۆمەلّەو بالّی چەپی كۆمەلّگەی كوردستان بوو كە دەیوویست خەلّكی لە ڕێگای شوراكانی خۆیانەوە دەسەلاَتدارەتی شار بەڕێوەبەرن، بزووتنەوەیەكی بەتووندی لایەنگر لە خەلّكی كرێكارو زەحمەتكێش بوو، لایەنگری ئازادی سیاسی وخوپیشاندان ومانگرتنو مافە سەرەتاییەكانی خەلّك بوو. حزبی دیموكرات كە دەیوویست خۆی كوێخای خەلّكی كوردستان بێت وخەلّكی بێ بیركردنەوە دەسەلاَتی لەسەرەوەی ئەو قبوولّ بكەن، ئەم دیاردەیەی پێ تەحەموول نەدەكرا، بۆیە بۆ یەكەمین جار لە ناوچەی هەورامان چەندین چەكداری كۆمەلّەیان گوولەباران كرد، كۆمەلّە هێشتا نەیووت ئەوە سیاسەتی حزبی دیموكراتە، ووتی هەندێك چەكداری ئەوان تاوانێكی وەهایان ئەنجامداوەو داوادەكەین بە خەلّكی كوردستانیان بناسێننو ودادگایی ئاشكرایان بكەین. بەلاَم حزبی دیموكرات بۆ ماوەیەكی زۆر بێدەنگەی لێكردو بەمەشەوە نەوەستا هێرشی دەەوەمی كردو سەرئەنجام كۆمەلّەی ناچار كرد كە دیفاع لە خۆی بكات. چەندین نوسراوەی عبداللەی موهتەدی هەیە لە ژێر تایتلّی (حزبی دیموكرات بۆ درێژە بە جەنگی ناوخۆ دەدات)، خودی ئەم تایتلّە شاهیدی ئەوە دەدەن كە كێ جەنگی دەستپێكردووەو كێ درێژەدانی بە قازانجی خۆی دەزانێ، ئەگەر عبداللەی موهتەدی وەك باقی شتەكانی تری لەمەش پەشیمان نەبووبێتەوە. ئەوە مەنسورحیكمەت بوو كە ناوەڕۆكی ئەو جەنگەی ڕۆشن كردەوە. بالّی ناسیونالیزمی نێو حزبی كۆمۆنیست كە ئێستا باندی زەحمەتكێشانن، پێیان وابوو كە شەڕی كۆمەلّەو حزبی دیموكرات شەڕی دوو حزبە بۆ لەدەستگرتنی ڕابەری بزووتنەوەی كوردایەتی. مەنسور حیكمەت ووتی ئەمە وانیە، شەڕێك كە حزبی دیموكرات بە كۆمەلّەی دەفرۆشێ شەڕی بۆرژوازی كوردستانە بەڕابەری حزبی دیموكرات بە كرێكاران وزەحمەتكێشانی كوردستان بەڕابەری كۆمەلّە. ئەمە شەڕێكی چینایەتیە، شەڕی ناسیونالیزمو سۆسیالیزمە. پاشان دوای چەندین سالّ درێژەكێشانی جەنگ، ئەوەی كە بە بڕیار نامەیەك پێشنیاری كرد یەك لایەنە كۆمەلّە جەنگ لەدژی حزبی دیموكرات ڕابگرێ (مەنسور حیكەمەت) بوو. كەئەوانەی ئەمڕۆ ئەم ئیتیهامە دەخەنە پالّ مەنسور حیكمەت ئەوكات یان دەنگیان بەو بڕیار نامەیە نەدا، یان مومتەنیع بوون. بۆیە ئەو قسەیەی مەلابەختیار بەدەیان دەلیل وسەنەدی نووسراوی مێژوویی پووچ وبێناوەڕەكەو دوورە لە ڕاستیەوە.